کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:18 28-2-2007

## ڕۆڵی ڕێکخراوە قوتابییەکان وئەرکەکانی قوتابی ... جەلال هۆرێنی

لەسەرجەم وولاتە پێشکەوتوەکانی دونیا وئەوانەی دیموکراتی پەیڕەودەکەن یەکێك لەخەسڵەتە جوانەکانیان دروستبوونی چەندین ڕێکخراو و سەندیکاو دەستەکۆمەڵەکانیانە کەتوانیویانە بەشێوەیەکی کارامە و دوور لەدەست تێوەردانی حزب کارەکانیان جی بەجی بکەن، ئەوان گوی لە خەڵك دەگرن واتە هەر ڕێکخراوێك بەپێی پیشەی خۆی گوێبیستی خواستەکانی توێژی خۆی دەبێت وپێشنیارەکان دەگەیەنێتە سەروو دەسەڵاتی خۆی، هەموو کێشەکان لەوولاتە دیموکراتەکاندا بەشێوەی گفتوگۆ چارەسەر دەکرێت، ئەوان قەت خاوەن دەسەڵات و گۆڕینی



یاساکانی خوێندن نین ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ئەوروپا دانانی میکانیزمێکی نوێی خوێندن وچارەسەرکردنی کێشەوگرفتەکانی قوتابین، دەرماڵەی قوتابیان وهاوکاری قوتابیان لەبارەگاکانی ئەوان نیە، بەڵکو حکومەت خۆی جێگەو ڕێگەی گونجاوی داناوە بۆ ئەومەسەلەیە، بەڵام ئایا ڕێکخراوەکانی خۆمان بەوئاراستەیە بیردەکەنەوە؟ یان دەیانەوێت هەڵسوکەوت وخورەوشتیان وەك کەسانێکی حزبی یان خاوەن بڕیاربێت؟ ئەمەگرفتێکە هەمیشە قوتابی دەخاتە نێو گومان کە ملکەچ بێت بەقسە بریقەدارەکانی ئەوانەی دەیانەوێت ببنە داینەمۆی ئەمڕۆو زەلیلکردنی نەوەکانی داهاتوو، ئایا چۆن دەتوانیت نەوەیەك پەروەردە بکەیت کە تائێستا مانا جوانەکەی دیموکراتی نەزانێت و خورەوشتە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگا هەمیشە بەبچووك تەماشا بکات؟ ئایا ئەو نەوەیە دەتوانێت لەئاییندە هەنگاو بهاوێژی بۆگۆرینی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان؟ ئایا زانکۆ وەك ناوەندێکی باڵای زانستی و ڕۆشنبیری توانیویەتی ببێتە داینەمۆی پێشکەوتن وئامانجەکانی قوتابی کەدەیەوێت هەنگاوبۆ گۆرینی داب و نەریتی وبیرکردنەوە خورافیاتەکانی پیران و عەقڵە دواکەوتویەکانی توێژیەك کە لە رابردوو بەئاراستەیەك پەروەردەکراون کەهەمیشە تاکی کوردی، خاوەن ڕێزو عەقڵێتی ئەورووپی بەکفرو مولحەق ناودەبات، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شۆرشی فەرەنسا قوتابی زانکۆکان توانیان ئاراستەی وولات و دامودەزگاکان وفەلسەفەی کارکردنی حکومەت بگۆڕن وببنە ڕێنیشاندەری ژیان و خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان، یان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی 1948 یەکەمین ڕێکخراوی قوتابیان کە دامەزرا بۆ گەیاندنی داخوازیەکانی قوتابیانی عێراق لەگۆرەپانی سیباع بوو تاوەکو ئێستایش بەردەوام لەکارکردنە بۆ گۆرینی ئاراستەکان وپێشکەوتنی وولات خزمەت دەکەن ئەویش (یەکێتی گشتی قوتابیانی لە کۆماری عێراق) ە، ئایا قوتابیانی کوردستان دەتوانن ببنە فاکتەرێکی هەرە بەهێز بۆ گۆرینی سیتەمی وولات و بیرکردنەوەی کۆنخوازیەکان؟ ئێستا هەندی مرۆڤ کە دەیانەوێت هەمو شتێك بەخواستی خۆیان بێت لەجیاتی قوتابیان و لاوان لەنێو هۆڵی پەرلەمان بە عەقڵیەتێکی پیر یاسا دادەنێن و دوا رۆژی وولات دەستنیشان دەکەن، بۆیە دەکرێت لێرەدا قوتابیانی زانکۆو پەیمانگاکان و ئامادەیەکان هەست بەخاڵە لاوازەکانی کۆمەڵگا بکەن و ڕێگربن لەهەر بریارو راسپاردەیەك کە نەیەوێت ئەم نیشتیمان وکۆمەڵگایە بەرەو گۆڕان بچێت، دەبێت قوتابیان باوەڕ بە ڕێکخراوێك بکەن کە هەموو هەوڵ و کۆششێکی لەپێناو بەرژەوەندیەکانی قوتابیانەو هەمیشە هەوڵدەدات پێشنیارو خواستەکانی قوتابی بگەیەنێتە شوێنی دیاری کراوی خۆی، بۆیە بە پێچەوانەوە ئەمرۆ لە کوردستان حزب خاوەن دەسەڵاتەو هەموو یاساکانی جیهانی مرۆڤ لەنێو هۆڵی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی بریاری لی دەدرێت و چەند مرۆڤێك بەعەقڵێتی خێڵەکی ودوورلەهەموو ئەو پێشکەوتنە نوێیانەی کەئەمرۆ لەجیهاندا پەیڕەوی لێدەکەن بۆیە دەبێت قوتابی شۆڕشێك دروست بکات، ئەو پەیڕەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پرۆگرامەی کە 35 ساڵە لەسەری دەڕوات چەندین نەوەی دروستکردووە کەبەهەمان بیرکردنەوەی حەفتاکانەوە بیردەکەنەوە بۆیە دەبێت بۆ گۆرینی ئەم بیرکردنەوانە سیستەمێك دابنێین لەسەر دیدی نوێی ئەمڕۆو پێشکەوتنەکانی جیهان و پرۆگرامەکانی وولاتە خاوەن فەیلەسوف و زاناکان بڕوات، کوردستان خاوەنی پێنج زانکۆیە تائێستا نە یتوانیوە قوتابیەك پەروەردە بکات لەسەرئاستی جیهان ودەوروبەر ناسراوبێت و خاوەن فەلسەفەیەك بێت یان نەیتوانیوە فەیلەسوفێك یان زانایەك پی بگەیەنێت ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆڵی قوتابی کە ئەمڕۆ بی دەنگی هەڵبژاردوە نایەوێت خۆی لەقەرەی هەندی مەسەلەی چارەنوسساز بدات کە ئایندەی ئەوی پێوە بەستراوە لەلایەکی دیکەوە دەسەڵات بەئارەزووی خۆی یاری بە چارەنووسی قوتابیەوە دەکات و ڕێکخراوەکانی سەربەدەسەڵاتیش لەبەر بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەموو بیرکردنەوەکانیان وکارەکانیان لەسەر مێزی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسیەوە بریاری لەسەر دەدرێت و درێژە پێدەری ئەو بیرەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.